بۆ بەڕێز کاک سەردار عەبدوڵڵا

سەلام عەبدوڵڵا

ئایا دەکرێ دێی قومرغان، قەرەئەنگوێ یان دێی کانی چایلە لەگەل لادێیەکی ئەڵمانیا بەراورد بکرێ؟ یا بەگشتی، ئایا دەکرێ پرسیاری نەتەوەیی، توانای دەوڵەت، ئابووری ئەڵمانیا لەگەل وەلات و ئابووری گەلێکی ژێردەست، بێ دەوڵەت و ئالاّ وەک کوردستان، بەراورد بکرێ؟ چی بڵێن بە کەسێک یا لایەنێک ئەگەر بەم کارە هەستا؟

وەک چۆن سوید، بریتانیا، ئەڵمانیای"شارستانی، مەدەنی، سیکولارو دیموکرات"، لەبۆنە جیاجیاکاندا، سروودو ئاوازی(ئەی ڕقیب)ی نەتەوەیی خۆیان لێدەدەن، کوردیش دەیەوێ هەمان ئەو سروودە نەتەوەییە لێبدا؛ وەک ئەوان ببێ بەخاوەن نوێنەر لە نەتەوە یەکگرتووەکان، سنووری خۆی هەبێ، باڵوێزخانەی هەبێ؛ چۆن پەرلەمانی ئەم وەلاّتانە پڕن لە نوێنەرانی دز، ژن زەوتکەر، بازرگانی چەک، گەوادو قاچاخچی، فاشیست و ڕاسیست، بازرگانی تەرەس و لایەن و کەسی خەباتگێڕو تێکۆشەرو مرۆڤدۆست، کوردانیش،100%بگەن بە ئاستی ئەو پەرلەمانانە ..هتد. ئەمە قۆناغێکە، لەدەرەوەی ئارەزووی هەر کەسێک و دەبێ کۆتایی بێت.

ئایا گەیشتنی گەلی کورد بەو ئامانجانە، لەسەر ئاستی مێژوودا،پێشکەوتنە یان دواکەوتن؟ ئەی ئەرکی ئێمەی کۆمونیست چییە لەبەرامبەر ئەم قۆناغە؟

مارکس و ئەنگلس و لینین، بەڕاشکاوی پشتگیریانکردووە لە خەبانی رزگاری نیشتمانی، واتە هەرگیز وەک ئێوە بەیەک چاو تەماشای خەباتی گەلانی ژێردەست و گەلانی سەردەست، نەکردووە. پرسیاری نەتەوەیی لە ئەڵمانیا دەمێکە کۆتایی هاتووەو نەتەوەگەرایی ئەڵمانی واتە جەنگ، ڕاسیزم ...هتد، بۆیە لێرە کۆمونیست و چەپەکان، دەڵێن: ناسیونالیزم شەرمەزارییە بۆ مرۆڤایەتی و لەهەمان کاتیشدا، هەر بەخۆیان پیشتگیری لە خەباتی رزگاری نەتەوە ژێردەستەکان دەکەن!

من نموونەی مارکس و ئەنگلس دەهێنمەوە، کاک سەردار نموونەی(حەمید تەقوایی)م بۆ دەهێنێتەوە!. لێرەدا بە کاک سەردار دەڵێم: 1- مرۆڤ بوونێکی موجەرەد نییە، واتە کرێکارە یان بۆرژوا، ژێردەستە یان سەردەست، سەر بە گەلێکی سەردەستە یان ژێردەست، ژنە یان پیاوە، منداڵە یا بەتەمەن، ڕەشپێستە یان سپیپێست-ئاخر مێژووی دەسەلاّتدارە سپیپێستەکان بریتییە لە کویلەکردنی مرۆڤە ڕەشپێستەکان- برسییە یان تێر، پرۆلیتارە یان جووتیار، فەرمانبەر...هتد. بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرێکی چەوسانەوە، دەبێ ئینسانە پرۆلیتارو زەحەمتکێشەکان و حیزبە کۆمونیستەکەیان، بە زەبروزەنگ و تیرۆری شۆڕشگێڕانە، ڕێکخستن، حیزب، پۆلیسی نهێنی و موخابەراتی و لەشکری ئینسانە چەوسێنەرەکان لەناوببەن. ئەوە حیزبی کرێکاران و جووتیارانی زەحمەتکێشە، هەموو مرۆڤایەتی لە جەوروستەم رزگار دەکەن. ئەمە مێژووی مرۆڤایەتییەو هەمیشە وابووە. 2- من لە کوێ وتوومە، مارکس و ئەنگلس قارەمانی بزووتنەوەی نەتەوایەتین؟ من تەنها ئاماژەم بە هەڵوێستی ئەوان کردووە بۆ کێشەی وەلاّتانی داگیرکراو وگەلانی ژێردەست. تۆ ئەمە لەخۆڕا ئاوەژوو دەکەی، بۆ؟3- من باسی فریشتەم نەکردووە، تا لە"ئەسپی خەیاڵەکانم دابەزم" ئەوە ئێوەن، مەنسوور(مرۆڤە) دەکەن بە فریشتە!4- ئەگەر تەماشای سایتە کوردییەکان بکەی(دەنگی کورد، کوردسایت، ئاستافی، نووسەری کورد، کوردستاننێت، کوردستانپۆست، دەنگەکان، بروسکە) بۆتان دەردەکەوێت، چۆن هەموویان ووتارو بلاوکراوەی کۆمونیستی بلاّودەکەنەوە. نەدەبوو ئەو زوڵمە لە سایتە کوردییەکان بکەی و لە دواییدا، من چۆن ئازادم لە ناردنی ووتارەکانم بۆ ئەو سایتە کە دەمەوێ، سایتەکانیش بەهەمان شێوە ئازادن، لە بلاونەکردنەوە هەر بابەتێک.

بە ڕای من، قۆناغی دیموکراسی لە ڕۆژهەلاّتی ناوێن، تەنها یەک مانای هەیە: گەلی کوردستان بە پشتیوانی حیزبە کۆمونیست و چەپەکان، ببێ بەخاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. لەمە بترازێ، ڕۆژهەلاّتی ناوێن وەک گۆڕەپانێک دەمێنێتەوە بۆ جەنگ/تیرۆر. لە دواییدا دەبێ سەرشۆڕکردن، چەوسانەوە، هەست بریندارکردن، ئەتککردنی جۆراوجۆرەی گەلی کوردستان کۆتایی پێ بێت، ئەمەش هەرگیز بە هاوکاری

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد لە گەل وەڵاتە زلهێزەکان یان بە گفتوگۆ و کاری دیبلۆماسی لەگەل وەڵاتە داگیرکەرەکان ناگاتە ئەنجام.

لەدواییدا، هیوادارم بیرێک لەم درووشمەش بکەن: کرێکاران، کرێکاران و گەلانی ژێردەست، یەکگرن!

لەگەل رێزو حورمەتم.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com